# شارەزوور بۆ پەیمانگاو کارگەو پارکە

## نەخۆشخانەو بنکە تەندروستیەکان پزیشک و دەرمانی پێویستە
## هەڵەبجەی تازە پێویستی بەبینایەی قوتابخانەیە
## نۆژەنکردنەوەی تۆڕی ئاویخواردنەوەی شارەزوور لەبەرنامەدایە
## کەرتی کشتوکاڵ لەشارەزوور فەرامۆشکراوە

قەزای شارەزوور یەکێکە لەو ١٤ قەزایەی کە دەکەوێتە سنووری پارێزگاری سلێمانییەوەو لە ساڵی ١٩٨٩بووە بە قەزا، حکومەتی هەرێم (هەڵەبجەی تازە)ی کردە ســەنتەری قەزاکە، سەنتەری ئەم شارۆچکەیە ٣٥ کیلۆمەتر لە پارێزگای سلێمانی دوورەو ناحیەی وارماوەو نزیکەی ٣٥ گوند لەخۆدەگرێت و ژمارەی دانیشــتوانەکەی نزیکەی ٦٥ هەزار کەســە و ناوچەیەکی بەپیت و بەرەکەتی کشــتوکاڵی و ئاژەڵدارییە . لــەڕووی خزمەتگوزارییەوە خەڵکی قەزاکە گلەیی و داواکارییەکــی زۆریان لە حکومەتی هەرێم هەیە ؛ وەکو تیمی (گۆڤاری گوڵان) ســەردانی قەزای شــارەزوورمان کرد، لە نزیکەوە لە گەڕەکەکانی (ســورێن و ئازادی و ڕزگاری و مامۆستایان و سیروانیەکان و . . هتد) چەندین هاووڵاتیمان لەسەر پێداویستی و پرۆژە خزمەتگوزارییەکان دواند، لەپاشان داواکاری و گلەییەکانی هاووڵاتییان و چەند پرســیارێکی ترمان لە(سۆران عەلی مەحمود)قایمقامی قەزای شارەزوور کرد. لێرەدا لەم راپۆرتە داواکاری هاووڵاتیان و وەڵامی بەرپرسی یەکەی ئیداریی قەزاکە دەخەینەڕوو.



## کێشەی تاپۆی خانووەکان

سەرەتا لە گەڕەکی سیروانیەکان هاووڵاتی ئەحمەد عەبدوڵڵا وتی: لە هەڵەبجەی تازە نەخۆشخانەو بنکەی تەندروستی هەیە، بەڵام کەموکوڕی زۆریان هەیە لەوانە پزیشك و کارمەندی تەندروستییان نییە بەتایبەتی پزیشکی ئافرەت بۆ لە دایکبوون و منداڵان و نەشتەرگەری هەروەها داودەرمانیان کەمە، ئەم هاووڵاتییە ئاماژەی بەگرفتێکی تریش کرد ئەویش مەسەلەی تاپۆکردنی بەشێك لە خانووەکانی قەزاکەیە هەربۆیە داواکاری لەحکومەت کرد کە بەزووترین کات مامەڵەی تاپۆکردنی خانووەکان جێبەجێ بکات. هەر سەبارەت بەگرفتی کەرتی تەندروستی هاووڵاتی ئارام کانەبی وتی: نەخۆشخانەو بنکەکانی تەندروستی قەزاکەمان پزیشکیان نییە و پشکنین و داودەرمانیشمان بەپێی پێویست نییە، بۆیە لە زۆربەی حاڵەتەکانی نەخۆشی بە تایبەتی نەخۆشی ئافرەتان و منداڵان و لە دایکبوون و نەشتەرگەریدا دەبێت سەردانی نەخۆشخانەکانی سلێمانی بکەین، ئەمەش بۆ خەڵکی ئێرە کەزۆربەی هەژارو کەمدەرامەت و کاسبکارە زۆر زەحمەتە و ڕێگای هاتوچۆیەکەش یەکجار خراپە. لێرەدا داواکارین لە حکومەت چەند پزیشکێکی شارەزاو پسپۆڕمان لە بواری جیا جیا بۆ دابمەزرێنێت و کەموکوڕی و کێشەی ئامێرەکانی پشکنین و داودەرمانیشمان بەپێی پێویستی قەزاکە بۆ دابین و چارەسەر بکەن.

هەروەها ئەمیرە سەعید سەبارەت بەگرفتی کارەبا وتی: کێشەو کەموکوڕی خزمەتگوزاریمان هەیە، بەڵام ئەوەی زیاتر لەم وەرزی هاوینە دیارە خراپی و کەمی ڤۆڵتیەی کارەبایە کە ناتوانین هەندێ لە ئامێرەکان دابگیرسێنین لەبەر ئەوەی کارەبا دەبڕێت یا ئامێرەکان دەسووتێنێت، چونکە گرفتی ڤۆڵتییەمان هەیە، بۆیە پێویستی بە چاککردن و بەرزکردنەوەی ڤۆلتییەکەیە، هەروەها چەند قوتابییەکمان دواند لەوانە یەکێك بە ناوی بەختیار نادر وتی: ئێمە لە پۆلی شەشی ئامادەین و ئەمساڵ مامۆستای وانەکانی عەرەبی و ئینگلیزیمان نەبووە و دەوامی قوتابخانەکانی قەزاکە هەر هەمووی دوو دەوامی و سێ دەوامیە و ناو







پۆلەکانیش قەرەباڵغە هەموو ئەو هۆکارانە کاریگەری خراپی لەسەر فێربوون و نمرە و دوارۆژمان هەیە. سەبارەت بەخراپی کۆڵان و نەبوونی شۆستە زیاد سابیر لە گەڕەکی ئازادی وتی: کەموکوڕی خزمەتگوزاریمان زۆرە لەوانە خراپی و قیرتاو و کۆنکریت نەکردنی کۆڵان و شەقامەکان و نەبوونی شۆستە و کەمی ئاوی خواردنەوە، لەلایەکی تر هەماهەنگی لە ئەنجامدانی کارو پرۆژەکان لە نێوان لایەنە پێوەندارەکان نییە، بۆیە هەندێ پرۆژە هەیە لەکاتی ئەنجامدانی پرۆژەیەکی تر تێکدەدرێت و لەو کاتەشدا کات و بودجەیەکی زۆر لە پرۆژەکان بەفیڕۆدەچێت. سەبارەت بەو بێسەروبەرییەی کە لەڕیزکردنی بەرمیلە نەوتەکان بەسیمای قەزاکەوە دیارە هاووڵاتی ئەحمەد حەسەن لە گەڕەکی مامۆستایان وتی: ئەو ساڵ سەرەڕای کێشەو گرفتی خزمەتگوزارییەکان بەشە نەوتیشمان بە تەواوی و لە کاتی خۆی وەرنەگرتووە، ئەگەر سەیری هەر کوچەو کۆڵانێکی ئەو شارۆچکەیە بکەین ئەوە دەبینین بەرمیلی نەوت ڕیزکراوە و بێسەروبەرییەکیشی دروستکردووە کە دیمەنەکە جێگای سەرنجە، لەلایەکی تر ئەوە زیاتر لە ٢٠ساڵە حوکمی خۆمان دەکەین نەتوانراوە کێشەی تاپۆی خانووەکانمان بۆ چارەسەر بکەن و ماوە ماوە دەڵێن زۆری نەماوە تاپۆ دەکرێت..شێرزاد حەمە عەلی لە گەڕەکی سورێن وتی: قەزای هەڵەبجەی تازە پێویستی بەبینایەی قوتابخانەیە بۆ ئەوەی لە دوو دەوامی و سێ دەوامی ڕزگارمان بێت و لە چەندین وانەدا کەموکوڕی لە میلاکاتی مامۆستادا هەیە، هەروەها ئەو قەزایە تا ئێستاکە باخچەی ساوایانی نییە و ئێستاکە بینایەك لەژێر جێبەجێکردنە بۆ ئەو مەبەستە، بەڵام ئەو پرۆژەیەش لە ماوەو کاتی خۆی دواکەوتووە و کارو پرۆژەکانی ئەو قەزایە زۆر لەسەرەخۆ بەڕێوەدەچێت بۆیە پێویستە حکومەت بەدواداچوونی بەردەوامی پرۆژەکانی هەبێت، هەروەها کاروئیشەکانی شارەوانی ساڵانی ڕابردوو زۆر بێسەروبەرو خراپ بوو، بەڵام ئێستاکە تا ڕادەیەك باشترە و لەلایەنی فڕێدانی زبڵوخاشاکیش هێشتا کاری باشترو جیدی ترمان پێویستە.



## قایمقامی قەزای شارەزوور:

# بۆ تاپۆکردنی خانووی هاووڵاتیان چاوەڕوانی بڕیار و ڕێنمایی وەزارەتی دارایی دەکەین



**دەروازەی شارو فراوانکردنی قەزاکە**

سەبارەت بە ماستەرپلان و گرنگی ئەو لایەنە بۆ بەرفرەوانکردنی شارۆچکەکە و کێشەی کوژاندنەوەی زەوی و تاپۆکردنی خانووەکانی قەزاکە قایمقامی قەزای شارەزوور وتی: ئێمە لەگەڵ حەوت ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەکو هابیتات و یونسکۆ و یونسیف و . . . تاد، دوو پڕۆژەی ماستەرپلانمان دانا، یەکێکیان بۆ سەیدسادق و ئەوەکەی تر بۆ قەزای شارەزوور بوو، تاوەکو لە ڕێگای ئەو پڕۆژەوە بتوانین دەروازەی شار بگۆڕین و هەموو ئەو پڕۆژانەی کە دەمانەوێت بۆ قەزاکە ئەنجامی بدەین بە بەرنامە وپلانی هاوچەرخ بێت. لەبارەی کوژاندنەوەی زەوی بۆ بەرفرەوانکردنی قەزاکە

**کارو پڕۆژەکانی ئەو قەزایە زۆر لەسەرخۆ بەڕێوەدەچێت**

یا بۆ هەر پڕۆژەیەك کە لە بەرژەوەندی گشتی دابێت کاری خۆمان بەپێی یاسا و ڕێنمایەکان ئەنجام داوە و هیچ کێشەیەکیشمان لەگەڵ هاووڵاتیان و خاوەن زەویەکان نەهاتۆتە پێش و لەبارەی تاپۆکردنی ئەو خانووانەی کە تا ئێستاکە لەناو شارۆچکەکە تاپۆیان نییە ئەوە لە ڕێگای تێبینەرایەتی شارەزوورەوە کارو مامەڵەیان بۆ جێبەجێ دەکرێت، بۆ ئەو مەبەستەش چاوەڕوانی بڕیارو ڕێنمایی وەزارەتی دارایی دەکەین.

**جووت سایدی عەربەت – شارەزوور**

سەبارەت بەو کارو پڕۆژانەی بۆ ئەم ساڵ کە زیاتر پێویستە ئەنجام بدرێت قایمقامی قەزای شارەزوور وتی: خەڵك لە کابینەی حکومەتی هەرێمدا چاوەڕوانی کارو پڕۆژەی باش دەکەن، چونکە لە کابینەکانی تریش کە ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکایەتی دەکرد ڕۆڵی کاریگەرو ئەکتیڤی لەبەرەو پێشەوەبردن و ئاوەدانکردنەی هەرێم دیتووە، هەر بۆیە ئێستاش جێگای ئومێدی هەموو خەڵکە، ئێمە لەم قۆناغەی ئێستادا کارو پڕۆژەی ژێر زەویمان زۆر کەم ماوە، بۆیە دەمانەوێت ئەو کارو پڕۆژە خزمەتگوزاریانەی کە لەسەر زەوی خزمەت بە هاووڵاتیان دەکات جێبەجی بکەین، هەر بۆیە چەند پڕۆژەیەکمان لەڕیزبەندی کارو پڕۆژەکانی لەسەر بودجەی پەرەپێدان و وەزارەتەکان بۆ قەزای شارەزوور خستۆتە بەرنامەو پلان. لەو پڕۆژانەش وەکو ڕووناکی ناو شارو شەقامی سەرەکی و دەروازەی شارۆچکەکە و کۆنکرێت و قیرتاوکردنی کۆڵان و شەقام و شۆستەکانی شارۆچکەکەو ناو گەڕەکەکان و درووستکردنی تەرمینالێك و باخچەی ساوایان و ڕاکێشانی تۆڕی کارەبا بۆ هەندێ شوێن تاوەکو کارەباکەیان باشتر بێت و ببێتە ٢٤ کاتژمێر. هەروەها ئێستاکە پڕۆژەی جووت سایدی عەربەت– قەزای شارەزوور لەژێر جێبەجێکردنە، هەرچەندە دواکەوتووە کە ئەمەش بۆ بواری هونەری و ئەندازیاری و کەشوهەوا دەگەڕێتەوە، چونکە هەندێ کات لە هەرێمی کوردستان کارکردن لە پڕۆژەی ڕێگاوبان ڕادەوەستێت بە تایبەتی لە وەرزی زستان و باران باریندا و بڕیارە لەماوەی یەك ساڵدا ئەو ڕێگایەی کە پێ دەووترێت ڕێگای مەرگ کە زۆرترین ڕووداووی هاتوچۆی لێ ڕوودەدات بکرێتە جووت ساید .

**پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون**

سەبارەت بە بواری وەبەرهێنان و چارەسەرکردنی گرفتی نیشتەجێبوون سۆران عەلی وتی: ئێستاکە چەندین کۆمپانیا لەبواری وەبەرهێنان بەتایبەتی لە پڕۆژەی نیشتەجێبوون لە کێبڕکین و دەیانەوێت کارو پڕۆژە لە ناو شارۆچکەکەو سنوورەکە ئەنجام بدەن، هەر لەمبارەوە ئێستاکە کۆمپانیای ڕووناکی ٦٢٣خانووی نیشتەجێبوونی بە ڕووبەری(١٥٠ و ١٦٠ و ٢٠٠)مەتر چوارگۆشە بۆ ئەو کەسانەی هەژارو کرێچین درووست دەکات و نرخی ئەو خانووانەش زۆر کەمە. هەر لەم سنوورەی ئێمەدا وەبەرهێنەران دەتوانن لەبواری تریش وەکو گەشتیاری و کشتوکاڵی و باخداری و ئاژەڵداری بێنە مەیدان و کار بکەن و ئێمەش لە هەموو ڕووەکەو هاوکاری و هەماهەنگی و پشتگیریان دەکەین.

**پڕۆژەی ئاویخواردنەوە**

سەبارەت بە کێشەو کەمی ئاویخواردنەوە کە لە هەندێ لە گەڕەکەکان هاووڵاتیان لەمبارەوە

**پڕۆژەی جووت سایدی عەربەت – قەزای شارەزوور لەژێر جێبەجێکردنە**

گلەیان هەبووە، قایمقامی شارەزوور وتی: پێشتر کێشەی ئاویخواردنەوەمان هەبووە و ئێستاکەش لە هەندێ شوێن و گەڕەکی ناو قەزاکە ئەو کێشەیە هەر هەیە، بەڵام ئێستا بە بڕی سێ ملیار دینار پڕۆژەیەکی ئاویخواردنەوە لەژێر ئەنجامدانە و لەهەوڵی نۆژەنکردنەوەی تۆڕی ئاویخواردنەوەی پڕۆژەی ئاوی شارەزوورین بۆ ئەوەی هۆکارەکانی کێشەو گرفتی کەمی و نەبوونی ئاویخواردنەوە لە قەزاکەدا چارەسەر بکەین و ئەو پڕۆژەیەش لە بەرنامەو ڕیزبەندی یەکەمی کارو پڕۆژەکانی ئەمساڵماندایە. لەلایەکی تر ئێستاکە ئاوێکی زۆر بەفیڕۆدەڕوات لەلایەن هاووڵاتیانەوە، بەڵام لەمەودوا بۆ هەر ماڵێك سستەمی بەلوعەو سەعاتی ئاو دادەنرێت .

**هەماهەنگی لە ئەنجامدانی کارو پڕۆژەکان لەنێوان لایەنە پێوەندارەکان نییە. بۆیە هەندێ پڕۆژە هەیە پڕۆژەیەکی تر تێکدەدرێت**

### شارەوانی و کەموکوڕی کەمی کارمەند

سەبارەت بە کارو ئیشە خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و گرنگی ئەو لایەنە قایمقامی قەزای شارەزوور وتی: بەپێویستی دەزانم پێوەرێك بۆ هەموو کەس و فەرمانبەرو بەرپرسی یەکە ئیدارەییەکان هەبێت کە بەپێی ئەو پێوەرەش لێپێچینەوە و پاداشت هەبێت کە ئەمەش دەبێتە پشتگیری و هاندانێك بۆمان. شارەوانی یەکێکە لەو دەزگا خزمەتگوزارییە گرنگانەی کە کارو ئیشەکانی ڕۆژانەو بەردەوامە، چونکە ڕۆژانە کۆکردنەوەی زبڵوخاشاکی کۆڵان و گەڕەکەکان پێویستە و دەبێت لە هەندێ کارو پڕۆژەی تر وەکو قیرتاو و کۆنکرێتکردنی کۆڵان و شەقامەکان لەهەوڵی بەردەوام دابێت تاوەکو دەتوانێت هەموو کوچەو کۆڵان و شەقام و شۆستەکانی شارۆچکەکە قیرتاو و کۆنکرێت دەکات و هەموو کاتێك دەبێت شارەوانی گوێ لە داواکاری و خواستەکانی خەڵك بگرێت و هەوڵی جێبەجێکردنی بدات و ئێستاکە کارو ئیشەکانی شارەوانی بەباشی بەڕێوەدەچێت و پێشتریش کارکراوە، بەڵام لەڕووی کارمەندو کرێکار شارەوانی کەموکوڕی زۆری هەیە و پێویستە حکومەتی هەرێم و لایەنی پیوەنداری تر بۆ هەندێ دامودەزگا وەکو شارەوانی کرێکارو کارمەند لە هەندێ فەرمانگەی تر وەکو پۆستەو گەیاندن زیاتر دابمەزرێنن تاوەکو کارو ئیشەکان زۆرترو باشتر ئەنجام بدەن و پێویستمان بە چەند بینایەکیش هەیە بۆ فەرمانگەکان و ئەو بینایانەشمان داواکردووە کە بۆمان دروستی بکەن هەروەکو بینایەی قایمقامیەت و ڕەگەزنامەی شارەزوورو ئاگر کوژێنەوەو تاپۆو فەرمانگەی پۆلیس هاتوچۆ، چونکە ئێستاکە لە بینایەکی کۆن قایمقامیەت و چەندین فەرمانگەی تر بەیەکەوە دەوام دەکەین.

### قیرتاوکردنی شەقام و کۆڵانەکان

سەبارەت بە کارو بەرنامەیان بۆ قیرو کۆنکرێت کردنی کۆڵان و شەقامەو شۆستەکانی ناو گەڕەکەکان کە هاووڵاتیان گلەیەکی زۆریان لەمبارەوە هەیە قایمقامی قەزای شارەزوور وتی: بەرنامەی ئێمە بۆ پڕۆژەکانی قیرتاو و کۆنکرێت و شۆستە بەو شێوەیە دامانناوە لە کاتێکدا لە هەر گەڕەك و کۆڵانێکدا پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی ژێر زەویان وەکو ئاو ئاوەڕۆ و کارەبا تەواوکرابێت ئەوە پڕۆژەکانی سەر زەویش وەکو قیرتاو و کۆنکریتکردنی شەقام و کۆڵان و شۆستەکان دەخەینە بەرنامەی کارەوە.

### گرفتی کەرتی تەندروستی پێویستی بەچارەسەرکردنی بەپەلە هەیە

سەبارەت بە کەرتی تەندروستی و ئەو کێشەو کەموکوڕیانەی لەمبارەوە هەیە قایمقامی قەزای شارەزوور وتی: قەزاکە دوو بنکەی تەندرووستی و نەخۆشخانەیەکی گشتی ٥٠قەرەوێڵەیی هەیە، بەڵام نەخۆشخانەو بنکەکانی تەندروستی لە ڕووی پزیشك و کارمەند و ئامێرەکانی تەندرووستی و پشکنین و ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن و داودەرمانەوە کێشەو گرفتیان هەیە، هەر بۆیە لەدوای هاتنی وەزیری تەندرووستی بۆ قەزاکە ئەو کێشەو کەموکوڕیانەمان خستەڕوو و داوامان لە وەزیر کرد ئەو گرفتانە پێویستی بە چارەسەری بەپەلە هەیە، لەبەر ئەوەی بواری تەندرووستی پێوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ژیانی خەڵکەکەیە، ئەویش بەڵێنیدا کە هەموو کێشەو کەموکوڕیەکانی ئەو نەخۆشخانەو بنکەکانمان بۆ چارەسەر بکات، ئێستاکە زۆر پێویستمان بە پزیشکی پسپۆڕو شارەزایە لە بوارەکانی ئافرەتان و لەدایکبوون و منداڵان و نەشتەرگەری و لێرەدا داواکارم لە وەزارەتی تەندرووستی کە فەرمانگەی دادی پزیشکی بکەنەوە لەبەر ئەوەی سنوورەکە بەرفرەوانە و هاتوچۆی زۆر لەسەرەو لەکاتی ڕووداوی هاتوچۆدا خەڵکەکە زۆر پێویستی بەو فەرمانگەیە هەیە.

### کشتوکاڵ لەشارەزوور

سەبارەت بەکەرتی کشتوکاڵی قایمقامی قەزای شارەزوور وتی: بەداخەوە لە بواری کشتوکاڵییەوە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردووە هیچ کارو پڕۆژەیەکیان بۆ برەدان بە کەرتی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری ئەنجام نەداوە، هەرچەندە لە هەموو لایەکمان ئاشکرایە کە سنوورەکە زەویەکی زۆر بەپیتوبەرەکەتی هەیە و ئاوی ژێرزەویشی لە ئاستێکی بەرزە هاوکات لەم سنوورەدا دەتوانرێت کارگەی لۆکە و ڕۆن و زەیت و شەکرو . . . تاد دابنرێت، گەرچی ئێستاکە هیچ جۆرێك لەم کارگانە لە قەزای شارەزوور نییە، لەلایەکی تر دانانی ئەو کارگانە لە سنوورەکە هۆکاریکی زۆر باشە بۆ هەڵی کار و لەم ڕێگایەوە دەتوانرێت هەموو گەنجەکان بخرێنە ئیشەوە و گەشەکردن و برەویش بە بەروبوومی ناوخۆ و سنوورەکە دەدرێت. تا ئێستاکە تاکە یەك کارو پڕۆژەی ئاودێریش لە سنووری قەزاکەدا ئەنجام نەدراوە، سەرەڕای هەموو ئەوانەش لەلایەنی پێوەندارەوە لە هەندێ لە گوندەکانی ناوچەکەدا ناهێڵن جوتیار بۆخۆی بیرلێ بدات و بە هەموو شێوەیەك بیرلێدان قەدەغەیە و پڕۆژەی ئاویشیان نەبێت ئەوە چۆن جوتیار دەتوانێت کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری بکات. لێرەدا داواکارم لە وەزارەتی پێوەندار بەم بڕیارە دابچێتەوە بۆ بەرژەوندی جوتیارەکان و ئاوەدانبوونەوە و پێشکەوتنی گوندەکان .

### کەرتی گەشتیاری

سەبارەت بە پڕۆژەی گەشتیاری لە سنوورەکەدا قایمقامی قەزای شارەزوور وتی: لە سنووری شارەزوورە چەند شوێنێکی گونجاو و باشمان بۆ بواری گەشت و گوزاری هەیە، بەڵام لەلایەن وەزارەتی پێوەندارەوە هیچ بایەخ و گرنگییەکیان پێنەدراوە، بۆیە بەپێویستی دەزانم وەزارەت خۆی کارو پڕۆژەی گەشتیاری لەو ناوچانە ئەنجام بدات، یا هاوکاری کەرتی تایبەت بکات بۆ ئەوەی بەشداربن لە پڕۆژە و برەودان و گەشەکردنی کەرتی

**ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی ڕۆڵی کاریگەری لەبەرەو ئاوەدانکردنەی هەرێم بینیوە. هەر بۆیە ئێستا جێگای ئومێدی هەموو خەڵکە**



گەشتیاری لە سنووری قەزاکەماندا.

**بەشە نەوتی هاووڵاتیان**

سەبارەت بە دابەش نەکردنی سووتەمەنی و هەبوونی ئەو هەموو بەرمیلە بەتاڵەی نەوت کە لە ناو گەڕەکەکان لەم وەرزی هاوینە ڕیزکراون، قایمقامی قەزای شارەزوور وتی: بەشە نەوتەکەی هاووڵاتیان دواکەوتووە، بەڵام ئێمە لە هەوڵی ئەوەین کە بەشە نەوتەکەیان هەر وەردەگرن و بە هاووڵاتیانمان ڕاگەیاندووە کە بەرمیلی نەوتەکەیان نەهێننە گۆڕەپان و ناو گەڕەکەکە، چونکە تانکەری نەوت خۆی دێتە بەردەرگای هەموو ماڵێك و بۆ ئەو مەبەستەش لەلایەن حکومەتەوە بۆ هەر بەرمیلێك نەوت کە لەبەر دەرگا پڕدەکرێت هەزار دینار بە خاوەن تانکەرەکە دەدات.

**کەمی بینایەی قوتابخانەکان**

سەبارەت بە کێشەو گرفتەکانی کەرتی پەروەردە لە سنووری شارەزوور قایمقامی قەزاکە وتی: ئێمە وەکو شارەزوور بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەمان هەیە و ساڵانە بە بەردەوامی لە هەوڵی چارەسەرکردنی کەموکورییەکانین، هەرچەندە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوو و ئێستاکەش چەند بینایەکی قوتابخانە لە قەزای شارەزوور دروستکراوە و بینایەی ١٨پۆلیشی تێدایە کە ئەمانەش بەمەبەستی کەمکردنەوەی کێشەکانی سێ دەوامی و دوو دەوامییە. بەڵام بواری پەروەردە بەردەوام پێویستی بە کارو پرۆژەو بینایە دروستکردنە، لەبەر ئەوەی ساڵ لەدوای ساڵ ژمارەی قوتابییان لە زیادبوونە، هەر بۆیەش تا ئێستاکە لە سەنتەری قەزاکەدا دوو دەوامی و سێ دەوامی ماوە و ژمارەی قوتابیانیش لە پۆلەکان زۆر و قەرەباڵغە و لە هیچ وڵاتێکی دنیا ئەوە نەماوە کە ٤٣قوتابی لەیەك پۆلدابن. بۆیە داواکارم لە وەزارەتی پەروەردەو لایەنی تری بەرپرس بینایەی تری قوتابخانەی هاوچەرخ لە قەزاکەمان دروست بکەن کە بەم بینایانە دەتوانرێت کێشەی دەوام و قەرەباڵغی پۆلەکان چارەسەر بکرێت و ئاستی قوتابیانیش بەرزبکرێتەوە، هاوکات لە هەندێ وانەدا بەتایبەتی ئینگلیزی و وانە زانستییەکان مامۆستامان بۆ دابمەزرێنن، چونکە لەم ڕووەشەوە کێشەو کەموکوڕی لە زۆربەی قوتابخانەکاندا هەیە، لەلایەکی تر هەندێ جار کە قوتابیان دێنە سەر شەقام و هەندێ داواکاریان هەیە ئەوە مافی خۆیانە، لەبەر ئەوەی لەبواری پەروەردەدا بۆ ئەو سنوورە بەباشی و بەپێی پێویست کارمان نەکردووە.

**لەم سنوورەدا دەتوانرێت کارگەی لۆکە و ڕۆن و زەیت و شەکرو . . . تاد دابنرێت، گەرچی ئێستاکە هیچ جۆرێك لەم کارگانە لە قەزای شارەزوور نییە**

**دەسەڵاتی داراییمان نییە**

سەبارەت بە دابەزاندنی دەسەڵاتی کارگێڕی و دارایی قایمقامی قەزای شارەزوور وتی: داواکارم لە سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم مادام قایمقام نوێنەری سەرۆکایەتی حکومەتە لەو ناوچەیە هەر بۆیە پێویستە هەیبەتێکی تایبەتی خۆی هەبێت، چونکە خەڵك لە کارو ئیشەکانی منەوە سەیری حکومەت دەکات و هەر لەمنیشەوە داواکاری پێشکەش بە حکومەت دەکات، بەڵام بەداخەوە ئەوەندەی قایمقام کێشەی لەسەرە ئەوەندە دەسەڵاتی نییە، من وەکو قایمقامی قەزای شارەزوور تەنیا سێ ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینارم لەبەردەستە ئەویش بۆ ڕاپەڕاندن و خەرجی ناو یەکە ئیدارییەکەیە و لە هەر خەرجکردنێکیش دەبێت وەسڵی لەگەڵ بێت، واتە ئەوە دەسەڵات نییە و لەکاتێك کە سەردانی قوتابخانە یا شوێنێك دەکەم کە من نەتوانم ملیۆنێك دینار بۆ ئەو قوتابخانەیە یا بۆ ئەو شوێنە خەرج بکەم، واتە من بۆ سەردانی ئەو شوێنە بکەم و سوودی چییە؟ هەروەها دەبینین قایمقام سەرۆکی لیژنەی پرۆژەیەکە، گەرچی قایمقامەکە ئاگادار نییە تەندەری پرۆژەکەی چۆن ئەنجامدراوە، بۆیە لێرەدا داواکارم ئەو دەسەڵاتەی کە بە ئێمە دەدرێت ئەوە بگونجێت لەگەڵ هەیبەت و کارو ئیشەکانی قایمقام نەك دەسەڵاتەکە وەکو ئێستاکە وابێت. هەروەها پێویستە قایمقام لە دەستبەسەرداگرتنی کەسێك دەسەڵاتی هەبێت وەکو ئەوەی کە پێشتر هەبووە و داواکارین لەوەزارەتی ناوخۆ ئەو دەسەڵاتەمان بۆ بگەڕێنێتەوە.

**پارکی شار لەژێر جێبەجێکردنە**

لە کۆتایدا قایمقامی قەزای شارەزوور وتی: لە قەزای شارەزوور لەلایەن وەزارەتی شارەوانییەوە پارکێك بە ناوی پارکی شار لەژێر جێبەجێکردنە، بەڵام بەپێی پێویست کار لەم پرۆژەیە ناکرێت بۆیە داواکارم بەدواداچوونی بەدوادابکرێت بۆ ئەوەی پرۆژەکە تەواو بێت، هەروەها لەلای خۆمانەوە لەو زەویانەی بە موساتەحە دەیفرۆشین ئەوە چەند باخچەو پارکێکی جوانمان دروستکردووە و خەڵکەکە سوودیان لێوەرگرتووە، هەروەها قەزاکەمان پێویستی بە پارکێکی منداڵان هەیە کە بەرفرەوان و هاوچەرخ بێت و یارییە جۆراوجۆرەکانی منداڵانی تێدابێت، تاوەکو منداڵانی ئەو قەزایەش وەکو هەموو منداڵانی تر هەندێ لەکاتەکانیان لەم پارکە بە ئاسوودەیی ببەنە سەر. هەروەها داواکارم لە سەرۆکایەتی حکومەت و لایەنی پێوەندار قەزای شارەزووریش وەکو هەر قەزایەکی تر بەلایەنی کەم لەسەرەتادا پەیمانگا یا کۆلێژێکی لێ بکەنەوە.

